# ١) ئیمام ئەبو حەنیفە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

## ١- ئیمام ئەبو حەنیفە کێیە؟:

ناوی ( نوعمانی کوڕی ثابیتی زوطی ) یە. لەساڵی(٨٠ ی کۆچی) لەشاری کوفەی عێراق لەدایك بووە. ڕەچەڵەکی ئەگەڕێتەوە بۆ شاری کابولی پایتەختی ئەفغانستان.تابیعنەو هەندێك لەهاوەڵانی پێغەمبەری (ﷺ) دیووە. وەك ( ئەنەسی کوڕی مالیك ) و( عبداللەی کوڕی ئەوف) و. ( عامری کوڕی واثیلە ) و.( سهلی کوڕی سعد) ..

## ٢-سەرەتای خوێندنی ئیمام و وتەو ڕای زانایان لەو بارەیەوە :

لەسەرەتای ژیانیدا قورئانی پیرۆز لەبەر دەکات، بەبازرگانیەوە خەریك دەبێ، لەکارەکەیدا زۆر سەرکەوتوو دەبێ. وریایو زیرەکییەکەی سەرنجی زانایان ڕادەکێشێ، خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ( ڕۆژێك بەلای ( شەعبیدا ) تێپەڕیم، بانگی کردم ووتی: هاتوچۆی کێ دەکەی؟ووتم: بازاڕ، ووتی: مەبەستم بازاڕنییە،مەبەستم زانایە، منیش ووتم: هاتوچۆی زانایان ناکەم، ئەویش ووتی: وامەبە هەوڵ بۆ زانیاری بدەو لەکۆڕی زانایان نزیك بەرەوە. من ووریایو زیرەکیەکت تیدا بەدی دەکەم) . قسەکانیم چوو بەدڵدا ڕێگای زانستم گرت و بەهۆی قسەکانی ئەوەوە خوای گەورە سودی پێگەیاندم.

(بوشر) (ڕەحمەتی خوای لێبێ) ئەفەرموێ: لەگەڵ ( ئیمام ئەبووحەنیفە ) و ( ( سوفیان )دا ) ڕۆشتم بۆ حەج، کاتێك بڕۆیشتنایەتە هەرشوێنێك خەڵکی لێیان کۆئەبوونەوە و ئەیان ووت: ئەمانە فوقەهای عێراقن و زۆر شارەزان، ( سوفیان )(ڕەحمەتی خوای لێبێ) ( ئەبووحەنیفە )ی ئەخستە پێش خۆیو لەدوایەوە ئەڕۆیشت بەڕێدا، وە کاتێك پرسیارێکیان بکردایە لەبارەی هەرشتێکەوە، هەتا وەکو ئیمام ( ئەبوحەنیفە ) ئامادە بوایە جوابی هیچ پرسیارێکی نەئەدایەوە. ( وەکیعی کوڕی جەڕاح ) ئەفەرمووێ: (بەکەس نەگەشتوم لە ( ئەبووحەنیفە ) شارەزاتر بێت ).

( سوفیانی کوڕیعویینە )ش دەفەرمووێ: (زانایان چوار کەسن: (ابن عباس لەسەردەمی خۆیدا، شەعبی لەسەردەمی خۆیدا، ئەبووحەنیفە لەسەردەمی خۆیدا)،ثەوری لەسەردەمی خۆیدا،پاشان دەفەرموێ: دووکەس لەکوفەدا گەشتبوونە ئاسۆ، حەمزە لەجوان خوێندنەوەی قورئاندا، ئەبوحەنیفە لەفەتوا دەرکردندا ).

( ئیمامی شافیعی )ش ئەفەرموێ: (شك نابەم هیچ کەس وەك ( ئەبوحەنیفە ) لەفیقهدا شارەزا بێت). پاشان دەفەرمووێ:

(( هەرکەس سەیری پەڕاوەکانی( ئەبووحەنیفە ) نەکات، ناتوانێت لەزانیاری فیقهدا زۆر ڕۆبچێت ). دیسان دەفەرمووێ:

( خەڵکی لەزانستی فیقهدا هەموویان قەرزاری ئەبووحەنیفەن).

ئیسرائیلی کوڕی بوشریش ئەفەرمووێ: (کەس شك نابەم و کەسم نەبینیوە وەك ئەبووحەنیفە لەفیقهی حەدیسدا شارەزا بێت) ، ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش (ڕەحمەتی خوای لێبێ) ئەفەرمووێ: ( ئەبوحەنیفە لەزانیاریو پارێزکاریدا گەیشتبووە پلەیەك کەس نایگاتێ لێی ئەدرا بۆ ئەوەی ببێت قازی بەغداد بەڵام نەیئەکرد) .

## ٣-خوڕەوشتی :

ئیمام ئەبوحەنیفە پیاوێکی لەخوا ترس و بەتەقوا بووە،

( یەحیای کوڕی قەتان) ئەفەرمووێ: ( دانیشتبوم لەخزمەتیداو گوێم لێگرتووە وەاللە ئەگەر سەیری دەم و چاوت بکردایە ئەت ووت ئەم پیاوە لەخوا ئەترسێت) .

(عبدالرزاقی کوڕی هوممامیش ) ئەفەرموێ: ( کاتێك ئەبووحەنیفەت ببینیایە شوێنەواری گریانت بەچاو و کوڵمەکانیەوە ئەبینی).

( علی کوڕی زەیدیتائی) ئەفەرموێ: ( لەمانگی ڕەمەزاندا سیخەتمی قورئانی پیرۆزی کردووە. زۆریش بەتەنگ خەڵکەوە بووخاوەنی سەخاوەت بوو زۆر پارێزگاری لەئەمانەت ئەکرد، وەهەرکات قسەی بۆ خەڵك بکردایە کاری ئەکردەسەر دڵەکانیان، ووتەکانی بەزانست ئاودرا بوون، ئەگەر بەشمشێر لەتت بکردایە لەڕێی خوادا ئارامی ئەگرت، زۆر مامەڵەخۆش و لەسەرخۆ بوو).

(یەزیدی کوڕی کومەیت) ئەڵێ: (جارێکیان لەگەڵ ( ئیمام ئەبوحەنیفە )دا بووم کابرایەك زۆر قسەی ناشیرینی پێووت هەتا پێی ووت ئەی زەندیق ئیمام ئەبوحەنیفە لەوەڵامیدا فەرمووی: خوا لێت خۆش بێ من پێچەوانەی ئەوەم کەتۆ ئەیڵێیت).

هەمیشە ڕێزی بۆ بەرامبەرەکەی دائەنا بەتایبەتی لەئاست زانایاندا زۆر بەشەرم و شکۆ بووە لەگەڵ ئەوەشدا شارەزاترینی سەردەمی خۆی بووە.

ئەبو موتیع ئەفەرموێ: ( ڕۆژێك لای ئیمام ئەبوحەنیفە دانیشتبوم( سوفیانی ثوری)و (مقاتل)کوڕی حیان ) و (حەمادی کوڕی سەلەمە )و چەند زانایەکیتر هاتن بۆ لایو قسەیان لەگەڵ کرد، ووتیان پێمان گەیشتووە بەڕاستی تۆ زیاد لەئەندازە قیاس ئەکەیت لەبەر ئەوە زۆر ترسمان هەیەلێت، چونکە یەکەم کەسێك کەقیاسی داهێنا ئیبلیس بوو.

( ئیمام ئەبوحەنیفە ) لەبەیانی ڕۆژی جومعەوە هەتاوەکو ڕۆژئاوابوون قسەی لەگەڵدا کردن و مەزهەبەکەی خۆی بۆشیکردنەوە فەرمووی من یەکەم جار بەقورئانی پیرۆز کاردەکەم، ئەگەر لەقورئاندا نەبوو، ئەوەبەسوننەت و خوڕەوشتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر لە سوننەت و خووڕەوشتی پێغەمبەریش دا (ﷺ) نەبوو، ئەوە بەڕووداوی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کەوا یەك دەنگن تێیدا، ئەگەر ئەمانە هەموو نەبوون پاشان من قیاس دەکەم، لەدوای تەواوبوونی قسەکان، زاناکان هەستان و دەستیان ماچ کردو وتیان بەڕاستی تۆ گەورەی زانایانی لێمان ببوورە چونکە بەڕاستی قسەی زۆرمان کردووە لەبارەی تۆوە ئەویش لەوەڵامیاندا فەرمووی: خوای گەورە لەئێمەش و لەئێوەش خۆش بێت. ( امین).

## ٤-مامۆستاکانی ئەبوحەنیفە :

قسەو فەرمودەی لەم زانایانەوە وەرگرتوە ((عطاو نافع ئیبن هورمزو حمادی کوڕی ئەبو سلیمان و عەمریکوڕی دینارو ئەبو ئیسحاقی سەبوعی و مەعاویەی کوڕی دەسسارو هەیسەمی کوڕیحەبیب و موحەمەدی کوڕی عونکەو عەبدوڵای کوڕیعومەرو هیشامی کروی عوروەو سەماکی کوڕی حەرب. هەژدە ساڵی ڕەبەق قوتابی بەردەستی مامۆستا حەماد ئەبێت وەلێ نابڕێت هەتا ساڵی(١٢٠) ی کۆچی، وەفات ئەکات.

## ٥-قوتابیەکانی :

قوتابیەکانی زۆرن بەڵام زۆربەیان بەبەردەوامی لەخزمەتی‌دا نەماونەتەوە، ئەمەش ناوی هەندێکیانە (ئەبو یوسف و زوفەرو ئەبوموتیعی بەلْخی و ئیبن و موبارەك و حەسەنی کوڕی زیاد و داودی‌تائی و وەکیع و کۆمەڵێکی‌تر)، وەدەربارەی قوتابیەکانی ئەفەرموێ: لەناویاندا(٣٦)پیاو هەرسی‌وشەشیان بۆ ئەوەئەشێن بکرێنە قازی و ئەتوانن فەتوا بدەن و دوانیشیان ئەتوانن ئامۆژگاری‌و ڕێنمونی قازیەکان بکەن.

## ٦-کتێب ودانراوەکانی :

هەمیشە سەرگەرمی وانە وتنەوەو سەرپەرشتی کردنی قوتابیەکانی بوو، بۆیە نەی‌توانیوە کتێب و دانراوی چڕو پڕ لەڕوی جۆراو جۆربنوسێ بێجگە لەچەند نامیلکەیەك نەبێ وەك (فقەالاکبر و العلم والمتعلم) وەنوسراوێك وەك نامە ناردوویەتی بۆ پیاوێك بەناوی ((عثمان البتی)) وەهەروەها بەنامەیەك کەبەرپەرچی قەدەری‌یەکانی داوەتەوە تێیدا، هەموو ئەم پەراوانەش لەزانیاری (عقیدة)و ئامۆژگاریدا بوون.

## ٧-بڵاوبونەوەی مەزهەبەکەی :

وەك لەپێشەوە بۆمان ڕوون بویەوە پێشەوا ئەبوحەنیفە بەدەستی خۆی هیچ کتێبێکی لەفیقهدا نەنوسیوە بەڵام وەك قوتابیەکانی هەستاون بەنوسینەوەی بۆچونەکانی‌و ئەوزانستەی کەلێیان وەرگرتبوو، وەچەندەها کتێب و نوسراویان لەم بوارەدا بەرهەم هێنا کەبووەتە هۆی دەرکەوتنی مەزهەبەکەی‌و بڵاوبونەوەی بەجیهانی ئیسلامیدا. بەتایبەتی دوان لەقوتابیەکانی زۆربەی زۆری ئەم ڕێزەیان بۆ خۆیان بردووەو جێگەدەستیان دیارە کەبریتین لە:

١-ئەبو یوسف: کەدوای پێشەوا (٣٢ ساڵ ) ژیاوە و ئەم کتێبانەی نوسیوە (الاثار)و(اختلاق ابن ابی لیلی). کە بۆچونە جیاوازەکانی پێشەوا (ئەبوحەنیفە)ی لەگەڵ قازی ابن ابی لیلیدا لەخۆ گرتووە (الرد علی سیر الاوزاعی)و (الخراج).
٢-موحەممەدی کوڕی حەسەنی شەیبانی: کەئەم کتێبانەی نوسیوە: (الأصل ) یان المبسوط، الزیادات، الجامع الصغیر، الجامع الکبیر، السیر الصغیر، السیر الکبیر، الرد علی أهل المدینة، الآثار).

## ٨-دووچاری ئەزیەت و ئازاربوون:

( ئەبوحەنیفە ) وەك زانایەك و خواناسێك هەمووکات لەگەڵ ڕاستیدا بووە، نمونەی خواپەرستێکی ڕاست بووە لەکردارو گوفتاریدا، گوێی بەلۆمەی لۆمەکەران نەداوە و لەزۆری زۆرداران نەترساوە، ئەیزانی زانایانی ڕاستەقینە ئەبێ ئاگاداری لێپرسینەوەی بەردەم خوای گەورە بن، نابێت مقاشی دەستی زۆرداران و پشت و پەنای لەخوایاخییان بێت. بەهۆی ئەم هەڵوێستەیەوە زۆرجار توشی ئازارو ئەشکەنجەدان هاتووە، وەك جارێکیان کە (یەزیدی کوڕیهوبەیری قەزازی )کەوالی عێراق بوو، ئەترسێ ئەبوحەنیفە لایەنگری عبداللەی کوڕی مەعاویە بێ کەشۆڕشی دژی ئەمەویەکان هەڵگیرساندبوو وەئەیشی زانی زانایان ئەگەر حوکمی دەوڵەتیان بەدڵ نەبێت، کارناگرنە دەست بۆیەئەیەوێ ( پێشەوا ئەبوحەنیفە )تاقیبکاتەوە ئەنێرێ بەشوێنیداو داوای لێدەکات دادگا بگرێتە دەست، ( ئەبوحەنیفە) ش وەری ناگرێت، بۆیە زیندانی ئەکات بۆ ماوەی( ١٠ ) ڕۆژ ڕۆژانە دە قامچی لێدەدەن تاوای لێدێت هەمووگیانی بریندار ئەبێت، بەڵام زۆر لێدان وایلێ نەکرد باوەڕی ڕاستەقینەی کزبکات و مل کەچیستەم کارو زۆرداران بێت.

## ٩-کۆچی دوایی:

ئەو زانایانـــەی کـــەجێگای متمانـــەن لایـــان وابـــوو لەســـەر وەرنـــەگرتنی پلـــەی دادوەری((القضاء))لێیان داوە هەتا گیانی بەخوایگەورەو پەروەردگار سپاردوو، هەندێکیش ئەڵێن زەهریان دەرخوارد داوە وەك نوعەیمی کوڕییەحیا ئەفەرمووێ ئەبووحەنیفە وەفاتی کرد بەغەریبیو دەرمان خوارد کراوی، وەهەندێکیش ئەڵێن لەزینداندا نەخۆش ئەکەوێت کاتێك تەندروستی لەشی تەواو خراپ ئەبێ لەزیندان ئازاد ئەکرێت زۆر نامێنێتەوە کۆچی دوای ئەکات لەمانگی ڕجەبیسالّی(١٥٠ ی کۆچی) لەشاری بەغداد لەتەمەنی( ٧٠ساڵیدا )حەسەنی کوڕی عەمار شۆردویەتیو ئەبوو ڕەجای واقیدی ئاوی کردووە بەدەستیدا لەدوایدا نوێژی لەسەرکراوە ئەو کەسانەی کەنوێژیان لەسەرکردووە مەزەندە ئەکرێن بە(٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار کەس بۆیە بە شەش جار نوێژی لەسەر کراوە. لەپاشان لەگۆڕستانی (الخیزران) لە شاری بەغداد کەئێستا پێی دەگوترێ (الاعظمیة) بەخاك سپێردراوە لەسەر وەسیەتی خۆی، چونکە خاکێکی پاکەو داگیر نەکراوەو زۆرداری بەسەرەوە نەکراوە، ئەوەی شایەنی باسە ئەوانەی بەشدارییان کردوو لەمەراسیمی بەخاك سپاردنی ئیمام ئەبووحەنیفەدا ئەوەندە زۆر بوون کەس ژمارەیان نازانێ پەروەردگار نەبێ.



## ١٠-هەندێك لەووتە بەنرخەكانی:

١-ئەگەر فەرمودەی پێغەمبەر بەسەر سەرو بەسەرچاومان، ئەگەر قسەی هاوەڵانیش هەبوو دیسان وەریئەگرین و لەقسەیان دەرناچین، بەڵام ئەگەر هاتەسەر تابعین ئەوان پیاون و ئێمەش پیاوین.

٢-ئەگەر سوننەت و خورەوشتی پێغەمبەر نەبوایە كەس لەقوئان تێنەئەگەیشت.

٣-هەركەسێك زانست و زانیاری فێربێت بۆ دوونیا لەبەرەكەتیعیلم دوور ئەبێ.

٤-ئەوەی حەدیس لەبەر ئەكات و فیقهەكەی نازانێت وەك كەسێك وایە دەرمان كۆدەكاتەوەو نازانێت بۆچیدەردێك بەكاردێت هەتا پزیشك بۆی نەنوسێ.

٥-سەرم سوڕ ئەمێنێ لەكەسانێك شت ئەڵێن بەگومان، كارئەكەن بەگومان لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە ئەفەرمووێ ﴿ولاتقف ماليس لك به علم﴾.

### سەرچاوەكان:


١-تنوير بصائر المقلدين فى المناقب الائمة والمجتهدين-مرعى بن يوسف الحنبلى.

٢-تهذيب التهذيب-ابن حجر العسقلانى.

٣-تاريخ المذاهب- محمد ابو زهرة.

٤-علوم الحديث- د.صبحى الصالح.

٥-اعمدة الفقة الأربعة في الأسلام- مهدى صالح محمد امين.

٦-ميزان الأعتدال في نقدالرجال للأمام الذهبى.


مافی بڵاوكردنەوەی پارێزراوە بۆ ئیمان وەن